سەربازگەی عەین ئەسەد لە ڕۆژئاوای عێراق بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کرایە ئامانج

سەربازگەی عەین ئەسەد لە ڕۆژئاوای عێراق کە هاوڕێکارانی سەربازی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی تێدایە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە (6ـی کانونی یەکەمی 2023) لەلایەن فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانەوە هێرشی کرایەسەر و بەرپرسێکی سەربازی ئەمریکا ڕوونیکردەوە کە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان لە دژی هێزەکانیان هەڵدراوە بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکی گیانی و ماددی لێکەوتووبێت.

لە هەمان کاتدا لایەنەکانی سەر بە مقاومەی ئیسلامی لە عێراق بەرپرسیارێتی هێرشەکەیان بە سەر بنکەی ئاسمانی سەربازی عەین ئەسەد لە پارێزگای ئەنبار لە ڕۆژئاوای عێراق ڕاگەیاند.